سەدر بەریبوونی خێی لەو کاندیدانەی رەوتەکەی راگەیاند کە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ناکشێنەوە

نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی رەوتی سەدر بەریبوونی خێی لەو کاندیدانەی ناو رەوتەکە راگەیاند کە رەتیان کردووەتەوە لە پێسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بکشێنەوە.

ئەمڕۆ (پێنجشەممە 14ـی کانوونی یەکەمی 2013) نووسینگەی تایبەتی موقتەدا سەدر، سەرۆکی رەوتی سەدر بەریبوونی خێی لەو کاندیدانەی ناو رەوتەکە راگەیاند، کە رەتیان کردووەتەوە لە پێسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بکشێنەوە.

نووسینگەی تایبەتی رەوتی سەدر رایگەیاندووە "پشتبەست بە ڕبازی موقتەدا سەدر لە ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی گەندەڵی و گەندەڵکاران و هەوڵستی ئاشکرای سەبارەت بە بایکۆتکردنی پێسەی گەندەڵی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بەریبوونی خێمان لەو کاندیدانە رادەگەیەنین کە رەتیان کردووەتەوە لە پێسەی هەڵبژاردنەکان بکشێنەوە."

ڕۆژی (چوارشەممە 13ـی کانوونی یەکەمی 2013) موقتەدا سەدر، سەرۆکی ڕەوتی سەدر لە پەیامێکدا کە لە تۆڕی (ئێکس) بڵاویکردووەتەوە، ڕکابەرەکانی بە دەستپیس و گەندەڵ و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش بە گاڵتەجاڕی ناودەبات و دەڵێت، ئەوان خراپەکار و گەندەڵن و "خوا گەندەڵکاران و خراپەکارانی خۆش ناوێت".